REWAN ڕێوان

ڕۆژنامەیەکی ڕوناکبیری سەربەخۆیە
سەنتەری ڕاگەیاندنو ڕوناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

١٦ی تشرینی دووەم ٢٠٠٦ | ژمارە (١٣٧) ساڵی شەشەم | نرخی (٢٥٠) دینارە

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

پەروا عەلی: ڕاستە ئێمە زۆرجار داکۆکی لەمافی ژنو تاك دەکەین، بەڵام تێنەگەیشتنەمان لە کێشەکانیان جارێکی تر لەوێدا دەیانمرێنێتەوە. ل٥

لە هەندەران کوشتنی ژنانی کورد پەرەدەسەنێت

# مەعسومە حەمە ئەمین "لە مانگێکداو لە هەندەران (٥) ژن دەکوژرێت"

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی کوشتنی ژنان لە هەندەران ، کە دواترینیان کوشتنی (س) بوو لە یەکێك لە شارەکانی ئەڵمانیا لە لایەن هاوسەرەکەیەوە پاش ئەوەی کوشتبووی سووتاندیشی. ئەو ڕوداوانە بۆتە مایەی ناڕەزایی ژمارەیەك لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤی ئەو وولاتانەو کەسانی ئازادیخواز.

مەعسومە حەمە ئەمین چالاك لە بواری خەباتی ژناندا و زیاد لە ٢٠ ساڵە نیشتە جێی وڵاتی سویدە ئاگاداری زۆرینەی ئەو ڕوداوانەیەو دەڵێت"کارەساتی کوشتنی ژنانی کورد بە تایبەت لەم پێنج ساڵەی دوایدا، پەری سەندووەو لەوەش کارەسات تر پاش کوشتنیان دەیانسوتێنن یان بە نهێنی دەیان نێژنو لەوانەش کارەساتر ئەوەیە تۆمەتیان بۆ دروست دەکەن ".

ئەو سەبارەت بەتەمەنو چۆنیەتی کوشتنیان دەڵێت"دوا کوژراو خزمێکی خۆم بوو کە ژنێکی کوردپەروەری بەڕێزی تەمەن ٤٠ ساڵ بوو، سەرەڕای ئەوەی کوشتیانو ویستیان بە نهێنی بینێژن و تۆمەتیشیان بۆ دروست کرد. بە گشتی ئەوژنە کوردانەی کەلە لایەن کەس و کار بەتایبەت هاوسەرەوە دەکوژرێن تەمەنیان لە نێوان ٢٠-٤٠ ساڵیدایە".

(مەعسومە)نیگەرانە لە خەمساردی کەناڵو ڕێکخراوە کوردیەکان لە هەمبەر کوشتنی ژنانو ڕەخنەی توندیش ئاڕاستەی ژنان دەکاتو دەڵێت"زۆرجار ژنان خۆیان تۆمەت دروست دەکەن تەنانەت دەستخۆشی لە پیاوان دەکەنوخۆیان بڕەو بەو تۆمەتانە دەدەن ، کە بۆ ژنە قوربانیەکان دروست دەکرێت".

بەشێوەیەکی کاتی

## دۆسیەی گیان لە دەستدانی مرواری داخرا

دواجار لەبەر نەبوونی بەڵگەی تایبەت بە سووتاندنی کچێکی ١٧ ساڵ کە لە مانگی ١٠ ی ڕابردوودا بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتاویەکەیەوە گیانی لە دەستدا ،و گومان لەوە دەکرا کە کەس و کاری دەستیان هەبوبێت لە سوتاندنیدا . بە شێوەیەکی کاتی و لە لایەن دادوەرەوە فایلی کیشەکە داخرا. پاش ئەوەی لەمانگی ( ١٠ )ی ئەمساڵدا کچێکی تەمەن (١٧) ساڵ بە ناوی مرواری، بە هۆی سوتانەوە گیانی لەدەستدا ، لەناو خەڵکدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە کەسو کاری دەستیان هەبێت لە گیان لەدەستدانیدا بەتایبەت کەکەسو کاری لە ئیفادەیاندا ئاماژەیان بەوەداوە ، کە ئەو لە حەمامدا سوتاوە لە کاتی بەرەبەیاندا ، دواجار بە هۆی نەبونی بەڵگە و شاهید لەو کێشەیەدا دادوەر بەشێوەیەکی کاتیی دۆسیەی گیان لە دەستدانی ئەو کچەی داخست.

ئەفسەری لێکۆڵینەوەی بنکەی پۆلیسی بەکرەجۆ لە لێدوانێکدا بۆ ڕێوان ووتی" ئەو کێشەیە لە سنوری بنکەکەماندا ڕووی دا ، کە ئێمە چوین مرواری گیانی لەدەست دابوو تەرمەکەیمان نارده توب عەدلیو ئەندامانی خێزانەکەی لە ئیفادەیاندا جەختیان لەوە کردۆتەوە کە قەزاو قەدەر بووەو سکالایان لە کەس نەبووە "

سەبارەت بەو دەنگۆیانەش کە لەناو خەڵکدا بلاوبۆوە گوایە مرواری لەلایەن چەند ئەندامێکی خێزانەکەیەوە سوتێنرابێت، ئەفسەری لێکۆلینەوەی بنکەی ناوبراو ووتی"هیچ بەڵگەیەك نەبوو لە سەر ئەو دەنگو باسانەو شاهیدیش نەبوو، هەر بۆیە دادوەر بەشێوەیەکی کاتی بڕیاری داخستنی فایلەکەی داوە "

لەشارەزور

## عاشقە سوتاوەکە دەخرێتە زیندانەوە


لە ئەرشیفی ڕێوان

لەشارەزور
عاشقە سوتاوەکە دەخرێتە زیندانەوە

(خ) ئەو کوڕەی لەمانگی (١٠)ی ئەمساڵدا خۆشەویستەکەی خۆی سوتاندو بەئاگرەوە باوەشی پێدا کردو ئەویشی سوتاند خرایە زیندانەوە.

لەسەر سکاڵایەکی باوکی ئەو کچەی لە شارۆچکەیەکی دەشتی شارەزوور کە لەپێناو خۆشەویستەکەیدا خۆی سوتاند، (خ) خرایە زیندانەوەو لەبەر نەبونی بەڵگە بەکەفالەت ئازادکرا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەڕووداوەکەوە وتی "خ ماوەیەکی زۆر بوو کچێکی خۆشدەویستو ماڵی کچەکەش ڕەزامەند نەبوون بەهاوسەرگیرییان، تا دواجار کچەکە خۆی سوتاندو گیانی لەدەستداو (خ)ش لەکاتی کوژانەوەی خۆشەویستەکەیدا لایەکی جەستەی سوتا، دواجار (خ) لەسەر سکالایەکی باوکی کچەکە خرایە زیندانەوە".

تەواوی بەسەرهاتی (خ)و خۆسوتاندنی خۆشەویستەکەی لە لاپەرە ٥ی ڕۆژنامەی ڕێوانی ژمارە ١٣٦ ی ڕۆژی ١٦/١٠/ ٢٠٠٦ دا بلاو بۆتەوە.

سەرچاوەکە ئەوەشی ڕون کردەوە کە لەسکاڵاکەی باوکیدا هاتووە، بەر لەو ڕوداوە (خ) هەڕەشەی لەوان کردووەو لەبەر نەبونی بەڵگە(خ)پاش بەسەر بردنی دوو شەو لە زینداندا بەکەفالەت ئازاد کرا". سەرچاوەکە وای بۆ دەچێت کە لەوانەیە ئەوەش لەتۆڵەی ئەوەدا بێت کە ئەو کچەی (خ) خۆشی ویستووە بەر

# ئەو پیاوەی لە ٨ی مارسدا ژنەکەی بە بتڵەغاز کوشت بەزیندانی هەتا هەتایی سزا درا

بە پێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئاسۆ هەفتەی ڕابردوو، دادگای تاوانەکانی سلێمانی سزای زیندانی هەتا هەتایی بەسەر هاوڵاتی عەتا، هاوسەری "شیلان عومەر" دا سەپاند، کە لە نیوەشەوی ٨ی مارسی ڕابردوودا لە گەڕەکی کانی کوردەی سلێمانی بە بتڵەغاز ژنەکەی خۆی کوشت.

پارێزەر ستار خوارەحم حەمە کە پارێزەری تایبەتی داکۆکیکار بوو لە شیلان، حوکمی زیندانی هەتا هەتایی دادگای بۆ تۆمەتبار بە کەم زانیو پێی وابوو قابیلی لە سێدارەدانە.

تەها عومەر برای شیلان لەم بارەیەوە ڕایگەیاند:

"ئەم حوکمە دادپەروەرانە نییەو ئومێدمان بە دادگای تەمییز ماوە، کە سزای تەواوەتی بەسەردا بدات".

حاکم شوان دادوەری ئەندامی دادگایی کردنەکەش ووتی: "بڕیاری دادگاییکردنەکە بەرز کراوەتەوە بۆ دادگای تەمیزو ڕەنگە بگۆڕدرێت".

ئەگەر چی ئەو هەواڵە مایەی خۆشحاڵی زۆر لە هاوولاتیان و ئەو کەسانەی لەڕێکخراوو دەزگاکانی مافی مرۆڤدا کاردەکەن، بەڵام سەرچاوەیەك لە سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنانەوە وێڕای دەربرینی خۆشحاڵی خۆی بەو بڕیارەی دادگا ووتی"زۆرن ئەو ژنانەی کە دەکوژرێن و بکوژەکانیان بە هەر هۆیەك بێت لە سزای یاسایی دەرباز دەبن، هیوادارین و کاریش بۆ ئەوە دەکەین کە ئەو تاوانبارانەش بە سزای یاسایی خۆیان بگەن".

گوێر

## دۆزینەوەی تەرمی ئافرەتێک

پاش ئەوەی پۆلیس زانیاری لەسەر تەرمێکی فڕێدراو پێگەیشت سەردانی شوێنەکەی کردو تەرمی ئافرەتێکی دۆزییەوە.

پۆلیسی شارۆچکەی گوێر سەر بەقەزای مەخمور پێیان ڕاگەیەنرا کە تەرمی ئافرەتێك بینراوەو پۆلیسیش لەبەدواداچوونیدا تەرمی ئافرەتێکی دۆزییەوەو بەپێی زانیاریە وەدەست خراوەکان ئافرەتە کوژراوەکە تەمەنی ٢٧ ساڵەو پێدەچێت خنکێنرابێت.

پۆلیس تەرمەکە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کرد.

# زیاتر لە ١٧٠٠ تێکچوو لەڕووی دەروونیەوە لە شاری سلێمانیدا هەیە

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی کەم ئەندامان بەتەنها لەسنوری شاری سلێمانیدا ١٧٢٨ کەسی تێکچوو لەڕووی دەروونییەوە هەیە. بەپێی ئامارەکە ٩٢٧ کەس لەوڕێژەیە تەمەنیان لەسەرووی هەژدە ساڵەوەیەو ٨٠١ کەسیشیان تەمەنیان لەخوارووی ١٨ ساڵەوەیە

ئومێدە موحەمەد بەڕێوەبەری چاودێری کۆمەڵایەتی کەمئەندامان بە هاوڵاتی وت "مانگانە ئەم ڕێژەیە بەهۆکاری مردنو لەدایك بوونەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت."

هەروەها وتیشی "ئێمە ئەو نەخۆشانەمان بەسەر سێ پۆلدا دابەشکردووە کە بریتین لە شەلەل دەماغو بیر کۆڵو مەنغۆل کە مانگانە بڕی ٣٠ هەزار دیناری هاوکارییان پێدەدرێت."

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستاندا ٤٧٠٩٠ کەمئەندام هەیە کە لەو ڕێژەیە ١٨٣٥٦ کەسیان لەسنوری شاری سلێمانیدان.

لە سایتی هاوڵاتیەوە